# بارزانی و هەڵوێست

پەنجا رۆژ دەبێت کاکە سەردەشتی جوانەمەرگ بەشێوەیەکی زۆر درندانە تیرۆر کراوە، لەم ماوەیەدا وەکو تاکێکی کوردستانی بەردەوام چاودێری وردو درشتی رووداوەکانم و رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانە بێنازەکەمم کردووەو، لەو رۆژەوە تاوەکو ئێستا چاوەرێ هەڵوێست و پەرچەکردارێکی تەندروست و ساغ لە دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی کوردستانم، لە شەخسی جەنابی کاک مەسعودی بارزانی کە سەرۆکی هەڵبژێردراوی کوردستانی باشوورەو بەپێی قسەکانی خۆیان 70% خەڵکە رەش و رووتەکەی ئەم خاکە زوڵم لێکراوە متمانەی پێی بەخشیووەو شانازی دەکەن کە ئەو سەرۆکیان بێت.

منیش بمەوێت نەمەوێت تازە ئەو سەرۆکەو لە شوێنە گشتی و نێودەوڵەتی و تورکیەکان هەرکەس و لایەك بە شێوەیەك پێشوازی لێدەکەن و باوەڕتان هەبێت کە هیچ گرفتێك لەو بارەیەوە نییە کە ئەو سەرۆکی منیش بێت وەکو تاکێکی کوردستان، بەڵام بەمەرجێك ئەویش دەبێت بەراستی و بەجدیەتەوە وەکو تاك مامەڵە لەگەڵ من و هەموو تاکێکی کوردستان و کورِ و برازاکانی و ئەوانیتری هۆزەکەی بکات و هیچ جیاوازیێك لە نێوانمان نەکات.

من لێرەدا نامەوێت باس لە رابردووی دوور بکەمەوەو ئەوانەی کە بە شێوەیەك لە شێوەکانی دەستی ئەو یان کەسانی نزیکی تێوەگلاوەو خەڵکی جیاجیا بە هۆیەوە تیاچووەو ئێستا لەنێوانماندا نیین.

دەمەوێت پرسیارێکی زۆر جددی و ئاسان لە جەنابی سەرۆکی هەرێم، ببورن سەرۆکی کوردستان کاك مەسعود بارزانی بکەم بۆ ئەوەی منیش ئەو (30)ەکەی دیکە، وەکو ئەو 70% کە دەنگیان بۆ داوە بەمەرجێك کە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە یان بەراست و مەسوولانە بەدوای وەڵامەکەی بگرێت، ئەگەر وەڵامی حازری و راست و دروستی ئامادەی نەبوو. تاکو شانازی بە کاکە مەسعودەوە بکەین.

پرسیارەکەش ئەمەیەو چاوەڕێی هەڵوێستی سەرۆکانەت لێدەکەم و ئەمەش بەیاد دەهێنمەوە کە سەدان کاربەدەست لە وڵاتە زلهێزەکان لە دیموکرات و دیکتاتۆرەکانیش تەنها لە بە هۆی ڕووبەروو بوونەوەی پرسیارێکی لەو چەشنەو وەڵام نەدانەوەی دەستیان لەکار کێشاوەتەوە.

بەهەرحاڵ کاك مەسعوود بارزانی ئەمەش پرسیارەکەو چاوەڕێ هەڵوێستم.

دەکرێت کورێکی گەنج و قوتابی بە وتەی بەرێز و بە وتەی هەموو تاکەکانی کوردستان قوتابی و رۆژنامەنوس، بە ئاشکرا و چاونەترسانە برفێنرێت و لەو قەڵا دژە تیرۆرەکە ببرێتە دەرەوەو پاشان بەو شێوەیە کە دەزانن تیرۆر بکرێت و تاکو ئەمڕۆ سەرەداوی تیرۆریستەکان ئاشکرا نەکرێت؟ لەکاتێکدا ئێوە بەراست لە ڕابردوو ئەو هەموو تیرۆریستە دەستگیر کردووە یان بەرێکەوت دەستگیر کراون؟

تاکێکی کوردستانی

کاردۆ ئەمین